دەزگای ئاسایشی هەرێم هەڵوەشاندنەوەی باندێکی بازرگانی نێودەوڵەتی مادەی هۆشبەری راگەیاند

دەزگای ئاسایشی هەرێم باندێکی بازرگانیی نێودەوڵەتیی ماددەی هۆشبەر هەڵدەوەشێنێتەوە و دەستدەگرێت بەسەر بڕی 30 کیلۆگرام ماددەی کریستاڵ.

دەزگای ئاسایشی هەرێم لە راگەیەنراوێکدا ئاماژەی بە ئەوەکرد، دوای کۆکردنەوەی زانیاری و چاودێریی وردی هێزەکانیان، بەڕێوەبەرایەتیی نەهێشتنی ماددە هۆشبەرەکانی دەزگای ئاسایش بە هەماهەنگی و ئاڵوگۆڕی زانیاری لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ماددە هۆشبەرەکانی حکومەتی عێراق، توانرا لە چەند هەڵمەتێکدا باندێکی نێودەوڵەتیی بازرگانیی ماددەی هۆشبەر لە شاری سلێمانی دەستگیربکرێن کە پێکهاتبوون لە چوار تۆمەتبار، هاوکات دەستگیرا بەسەر بڕی 30 کیلۆگرام ماددەی هۆشبەر لە جۆری (کریستاڵ).

هەر لە راگەیەندراوەکەدا هاتووە، لە ئێستادا سەرجەم تۆمەتباران بە ماددەی 28 لە یاسای بەرەنگاربوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان و کارتێکارە ئەقڵییەکانی عێراق راگیراون و لەبەر تایبەتمەندیی کەیسەکەیان رادەستی دادگای تایبەتەکانی حکومەتی عێراق کران.